# شۆفڵ و بۆق....دەك شەرمەزار بن. ئەنفالچییەکان!

توانا عومەر غەریب / سوید

لە هەموو کەموکورتی و هەڵەیەکی ڕێنووس و ڕێزمان بمبوورن!... من نووسەر نیم و وەکو کوردێک کە زامی کارەساتەکانی ئەنفال، وەک سوێیەکی چڕی ئازاراوی جەستە و ناخی ئاژن کردووم، پێم خۆش بوو ئەم بەسەرهاتە کە وەک ڕووداو زۆر سادەیە و بە بەراورد بەو مەینەتییانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون ئاسمان و ڕێسمانە، وای لێ کردم، بیرۆکەی ئەم چەند دێڕەم لا درووست بێت و لەگەڵ کورتەیەک لە بیرەوەری و بەسەرهاتی تاڵی ژیانی خۆمدا، تێکهەڵکێشی بکەم.

پاش زیاتر لە 20ساڵ کارکردنم وەک کارمەندێکی تەندرووستی و ئەندامێکی ڕێکخستن و پاشان وەک کادرێکی ڕێکخستن لە یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا(ئێستا نە کارمەندی تەندرووستیم بە پیشە و نە ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسیشم)، چونکەماڵیان ئاوا بێت، هەر زوو پاداشتی ماندووبوونی چەندساڵەیان دامەوە و خەنجەرێکی ژەهراوییان لە پشتەوە لێ دام و تۆمەتباریان کردم بەوەی کە هەستاوم بە ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستی"تەقینەوە" و فەرمانی گرتنیان بۆ دەرکردم، بە ئاگاداری جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی و لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی تەندرووستیی ئەو کات "ساڵی1999"، بەڵام بە هیمەتی برادەرێکی خۆشەویست و دڵسۆز، توانرا سەری داوەکە بدۆزرێتەوە و تاوانباران ددان بە تاوانەکانیاندا بنێن، بەڵام نە داوای لێبوردن لە من کراو نە ئازارە ڕۆحییەکانم قەرەبوو کرانەوە. گەورەیی ئەو تاوانە بەرانبەر من کرا، لە زێدی باوباپیرانم هەڵیکەندم و تاوانبارانیش لە گوڵ کاڵتریان پێ نەگوترا!.

وەک ئاماژەم پێ دا، لە سایەی گەندەڵیی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، ئێستا بەندە یەکێکە لەو قوربانییانەی کە ئاوارە بووە و لە تاراوگە، لە وڵاتی سوید دەژیم.

ئاخر کارماندێکی تەندرووستی، پاش زیاتر لە 20ساڵ شارەزایی و کاری پیشەیی، خەریکی لێخوڕینی شۆفڵ بێت(لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو سایەق شۆفڵێکی بەویژدان، نەک ئەوانەی بەشداریی پرۆسەی ئەنفالیان کرد)، وەکو "لەفکە و لیرە"# وایە. بەڵام تەنیا جیاوازی ئەوەیە، ئەو مامەپیرە نوورانییە، ئەو کارەی بەرەزامەندیی و سەلیقەی خۆی هەڵبژاردبوو، بەڵام بەندە بە ویست و ئارەزووی خۆم نییە و بەڵکو لە سۆنگەی گەندەڵی و هەڵە و زوڵم و زۆری دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوە، لە کارمەندیکی تەندرووستییەوە دەبم بە سایەقی شۆفڵ.

پوختەی ڕووداوەکە: دوێنێ لەگەڵ هاوکارێکی سویدیم لە شوێنی کارەکەم خەریکی ئەنجامدانی کارەکەمان بووین، لەناکاو هاوڕێکەم شۆفڵەکەی وەستاند و "چەند مەترێک دوور لە من"، دەستی بەرز کردەوە و وەک ئەوەی کارەساتێکی زۆر گەورە ڕووی دابێت، داوای یارمەتی لێ کردم و گوتی: تۆش شۆفڵەکە بوەستێنە!. ساتێ

نزیک بوومەوە، بینیم هاوڕێکەم خەریکی ڕزگارکردنی بۆقێکە کە ڕێی لێ هەڵە بوو بوو، کەوتبووە نێو ئەو خۆڵ و لمەی ئێمە کارمان تێیاندا دەکرد و بە شۆفڵەکانمان خەریکی ڕێککردنیان بووین. پاش هەوڵێکی زۆر توانی بۆقەکە رزگار بکات. ئەو هات و زۆر سوپاسی منیشی کرد بۆ هاوکارییەکەم کە ئەو توانی بۆقێک لە مردن رزگار بکات.
هاوڕێکەم بۆیە نەیتوانی ئەو بۆقە ئەنفال بکات "واتە بە زیندوویی خۆڵی بەسەردا بکات"، لەبەر ئەوەی کافرە و سوورەتی ئەنفالی نەخوێندووەتەوە. ئاخر راستە، بۆقیش گیانلەبەرێکە و مافی ژیانی هەیە، کەس بۆی نییە مافەکانی پێشێل بکات، بەڵام ئەی بۆ مرۆڤی وڵاتی من، تەنانەت لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان بێبەشە و لە ئێستادا، رۆژانە، هەزاران کەس مافەکانیان پێشێل دەکرێن.

ئەی لە قورئاندا هاتووە(ان خلقنا انسان من احسن خلق) و هەر لە سوورەتی ئەنفالیشدا شەرعییەت بە ئەنفالکردن دەدات.
بە هاوکاری و پشتیوانی کۆنەبەعسیی"تازەشۆڕشگێڕ" و کۆنەجاشی "تازەکوردپەروەر"گەورەترین تاوانی جینۆساید ئەنجام درا لەلایەن دڕندەترین و شۆڤێنیترین رژیمەوە کە رژێمی بەعس بوو.
بیرم دەکردەوە... باشە ئەو بۆقە زمانی نەبوو هاوار بکات و بپاڕێتەوە تاکو ئەنفال نەکرێت، ئەی ئەو 182هەزار مرۆڤەی کورد کە هەندێکیان بە زیندوویی ئەخرانە گۆڕەوە و خۆڵیان بەسەردا دەکردن، دڵنیام لەو ساتە وەختەدا، بە هەزارەها ژن و منداڵ گریاون و لێیان پاڕاونەتەوە وڤ داوای بەزەییان لێ کردوون. ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییەکان مەلا و قورئانخوێن بوون و بە زمانی قورئان لە جەلادەکان پاڕاونەتەوە و قورئانیشیان بەرەو ڕوویان بردووە، بەڵام هیچکام لەو جەلادانە، هێندەی ئەو هاوڕێ سویدییە "بێدینە"ویژدانیان نەجولاوە.
ئاخر کورد لەوەتی هەیە، ئەگەر بۆخۆی و لەنێو خۆیداخراپ بووبێ، بەڵام بۆ میللەتانی تر هەرگیز زیانبەخش نەبووە. وەک مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەڵێ:
لەپێش ئاگرپەرستیدا
لەپێش موسڵمانێتیدا
لە دیلی و لە سەربەستیدا
هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین.
گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن
داوای وڵاتی کەس ناکەم
پەنجە بۆ مافی کەس نابەم.

هۆردووی لەشکری کورد ئەگەر هەبووبێت، هەرگیز خاکی هیچ میللەتێکی داگیر نەکردووە، بەڵام هەندەک جار، پێش لەشکری دوژمن کەوتووە، بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان... نموونەش بۆ ئەم دوژمن پەلکێشکردنەش زۆرە.
هێندە میللەتێکی بێوەین "بۆ خۆمان نا"، تەنانەت ئەوانەش راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان لە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران و چۆڵکردنی گوند و دێهات و کاولکردنی کوردستاندا هەبووە، ئەوەی ماوە، ئێستا لە گوڵ کاڵتری پێ ناوترێ، بەڵکو پاداشت دراون، رێز و حورمەتیان لێ گیراوە، پلە و پایەی بەرزی حیزبی و ئیداری و کورسیی پەرلەمانیان پێ بەخشراوە، لەکاتیکدا دەبوو بەرەو دادگای گەل راپێچیان بکەن و سزایان بدەن.
ئەوە سەعدی کوڕی وەقاس و ئەسحابەسپی، پیرەمەگروون و پیری شەوگیڵ و ئەباعوبەیدەی جەڕاح و ...هتد، لە پاداشتی ئەنفال و داگیرکارییەکانیان لە کوردستاندا، لە کاتی خۆیدا کە ئەنجامیان داوە، جێنزرگەکانیان(ئەو شوینانەی کە باوباپیرانمان تێیاندا بە سزای خۆیانیان گەیاندن)، ساڵانە ئاوەدان دەکرێنەوە، پیرۆز ئەکرێن و خەڵکانێک ئەچن بۆ زیارەتیان و سەری رێزیان بۆ دائەنوێنن، لە بری ئەوەی سەری رێز و وەفا بۆ قوربانیانی ئەنفال دابنەوێنن.

# دانیشتووی کۆنی شاری سلێمانی، بەسەرهاتی ئەو مامەپیرەیە ئەزانن، کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکانی سەدەی پێسوودا، بە گەڕەکەکانی شاردا دەسووڕایەوە و بە خۆی و زەمبیلەکەیەوە هاواری دەکرد: ئەوە لفکە... ئەوە لیرە....!.

2006/7/11